# بـــۆ شـــانزەی ســـێ

عادل شاسواری

## ١ . هەڵەبجە




ئاگرێکی بالاّ بەرزی ستەم کارێك
لەسەر پێ ، بۆ برژاندنی
هەر نێچیرێك
نیوەڕۆیەك
ئاسکێکیان ، هەروا تێ فڕێ دا
دوای برژان
کە دەریان کرد
دڵی هێشتا هەر لێی ئەدا ..!

## ٢ . ئازاری شەوێکی پەمەیی

دەگێڕنەوە : شا ئەژدەهاك *
دوو مار چەشنی تەماعی خۆی
هەر بۆ شالاّو لەسەر شانی هەڵتۆقیبوون
بۆ خوێنی لاو . . .
دەڵێن " نیرۆن ، بۆ بڵێسەی گڕی ڕۆما
عاشقێك بوو ، وێنەی نەبوو
ووتیان هیتلەر ، هەر ئێوارەی
سێ لیتر خوێنی مرۆڤی
بە پێ کەکەی هەڵنەدایە
ئەو شەوە تاکو بەیانی
چاوی بۆ خەولێك نەناوە
فانۆسی مێژووی ئێرانیش
کاتێ کە باسی ( شا )دەکا

هێندە شەرم دادەیگرێ " دەکوژێتەوە
هەر شەو گارێ لە تەویلگەی ئاسکێکدا ڕاییواردووە
بۆ بەیانیش
خوێنی هەر هەمان ئاسکیان ، لەبەر پێیدا ڕۆکردووە
کۆرپەیەکی ژێر سێبەری فڕۆکەیەکی هەڵە بجەش
بە زەردەخەنەی لێوانی
چیرۆکێکی گێڕایەوە "
لە نیوەڕۆی ئەو چیرۆکا
( ٥٠٠٠٠ ) جار صەدام گرەو "
لە نیرۆن و شا و ئەژدەهاك دەباتەوە ..!

## ٣ . نسکۆی هەڵەبجە

بیابانی هاوینێکم و فرمێسکیشم *
دەریای هەڵم
بوغاری ئەم تەم تومانە
قوڵ بە قوڵەکەم ، بۆ کوێ ببەم ؟!
پاییزێکی ڕووتەوە بووی بێ پێڵاوم
بێ کراس و لەسەرمانا هەڵئەلەرزم
نم نم ... گوێ لە قەیرانی هۆی
نسکۆی شاری بەسۆ ئەگرم
بێ کراسم ... هەڵە بجەش هەر لەبەر گڤەی
ڕەشەبای ئەم دەڤەرەدا
وەك منالێکی بێ تاوان
جارێ فرمێسکی خۆی ئەسڕێ و
جارێ لەگەڵ سەمفۆنیای ئەو ڕەشەبادا
ڕۆحی ئەبێتە گالۆك و
جەستەی کوردی خۆشی نەدیووم ، هەڵئەگرێ!
زستانێکی بێ پەل و پۆم
هەتا بگریم ... ئاسمانم توندتر ئەبێ
گەر کانی چاویشم نەبێ
دونیا ئەبێتە بەستەڵەك ...
شەختەی ڕچیوی شەقامم

ئەبێتە ڕێگای ڕێبەندان ..!
بەهارێکم ، تەنها ناوی بەهارم بەد ناو کردووە !
ئەگین هەرچی نێرگز هەیە
گەواهی ڕووزەردی ئەدەن
لەبەرۆکی کورسی وولاتم ..!
من منالێکی هەڵە بجەم
کێ دێت فرمێسکێکم بسڕێ
وێنەم نەگرێ ..!
کێ دێت گوێ لە ڕازم بگرێ ..!
کێ گوێ لەچامەی من دەگرێ
شیعر بۆ هەڵە بجە بلێ !؟
تا شەوی ئەم چامەیەی من
پەردە لەسەر مانگی شەهیدی هەڵە بجەم هەڵداتەوە
_ چی شیعر و چامەی دونیا یە
نابێتە نان بۆ هەژارێك
نابێتە بینا بۆ چاوی کەلاوەیەکی نەدارێك
چی لافیتەی ئازادییە
ناتوانێ شەو دیوارێکی
ستەم بەندی ئەم ژیانە بڕوخێنێ !
هۆ گەلی برای دەی تەماشا : گەر وا بووا
گەر بە شیعر و دیوان بووا
ئەوەی شیعر ووتویەتی
کردوویەتی بۆ هەژارانی ئەم دونیا
بیکەی بە قەیسەری و خانوو
بەشی هەژارانی هەموو دونیا ئەکا ..!
کە چی لە پاش ئەم قەسیدە درێژانە
ئەم خەیاڵە ڕۆچوانەی دونیای عیشق و
ئەم دەفەری هەنسکانە
ئەم ڕۆحی دەریای ئەفسانە
هەڵە بجەکەم ، هێشتا کەلاوەی بیابانە
هێشتا ئەوەی نەیناسیوە
دەستی بیناو نوێ کردنەوەی
خانووی سادەی نەدارانە ..!

شەماڵ بۆیە پەیامنێری دونیای وەرگرت
یەکەم جار بۆنی گوڵانی
بە دیاری بۆ بەربەیان برد
چوزانێ ڕۆژێکی وادێ
بۆنی سیانیدی پێ ئەدەن
بۆ بەهاری هەڵە بجەکەم ..! بە زۆر ئەییەن ..!
کاتێ مەرگ ئەدوێ ..!
کاتێ ڕۆحی پێنج هەزار شەهید ئەدوێ
زمان وشک ئەبێ
ئیتر هەڵە بجە ئەزانێ
سنووری کردار و قسان
دوو کیشوەری چەنێک جیان
باڵای هەڵە بجەکەم ، زۆر لەوە گەورەترە
لە نێو کراسی شیعردا جێی بێتەوە
ئا ئێستاکە
من دڵنیام
گەر دایکە هەڵە بجەکەم
هەڵسێتە سەر پیان
ئەبینن ... هەرچی کراسی شیعر هەن
بۆ باڵای بەرزی چەن کورتن !
بۆ ڕۆحی سووکی ، چەند بچوکن
بۆ باڵای بەرزی چەند کورتن ..!

adilshaswary2000@yahoo.com